# چەند یادداشتی بێمانا

(3) ...................................... سالّح سووزەنی



**مانا چیە و لە چ پێوەندیگەلێکدا پێناسە دەکرێ؟**
**بێمانایی ئەتوانێ بوونی هەبێ یان نا؟**
**سنووری نێوان مانا و نامانا بێ مانا کوێیە؟**

http://sozeni.blogspot.com

ماناو بێمانایی بە گشتی لە زماندا رووئەدەن و دێنە ناسە کرن..( پێشتر نووسیمان کە زماناسانی سەردەم چۆن زمان پێناسە دەکەن..بەکورتی پێویستە دووپاتی بکەمەوەکە؛) زمان بریتیەلە کۆمەڵێک نیشانە کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی دەروون و دەرەوەی خۆی بەکاریان دەبا، واتە **زمان** رەنگە یەکەمین سیستەمی نوێندراو یان **(وانموود)**سازی مێژووی مرۆڤایەتی بووبێ کە وەک(دال) ئامارژە دەکاتە (مەدلوول) یان مەدلوولگەلێکی دیار و نادیار، عەینی یان زێهنی و..ی جیهانی دەوروبەر و دەبێتە پرد یان پردگەلی پێوەندی نێوان مرۆڤ...

نیشانەکان **دەنگی**(ئاوایی) بن یان **رەنگی** و **وێنەیی** و **جووڵەیی** و.. **راستەوخۆ** یان **ناراستەوخۆ** ئاماژە دەکەنە هەنێ **مەدلوول**ی ناسراو یان نەناسراو، ئاشنا یان نائاشنا، زێهنیی یان عەینی، دەرهەست یان بەرهەست و.... بەو شێوە پەیتا پەیتا و سەرلەنوێ مرۆڤ و شتەکان، شوێن و ناشوێن، کات و ناکات و بەگشتی هەموو دیاردەکانی هەست و نەستی عالەمی بوون... ئەنوێنێ و ئەگەر وەک دریدا لێی بڕوانین مەدلوولەکانیش سەرلەنوێ دەبنەوە بە زنجیرەی بێکۆتایی دالەکان و... تاد

زمان لە راستیدا یانی هەموو داتاکانی کۆمەڵایەتی(مرۆڤایەتی) لە درێژەی **ئوستوورە** (وەک نواندنی زمانی ناخودئاگای کۆمەڵ) و **مێژوو** و **زانست** و **فەلسەفە**( وەک بەناو زمانی ئاگای کۆمەڵ) و **هونەر**( وەک زمانی خەون و خولیا و خەیاڵاتی تاک و کۆی کۆمەڵگا) و.. بنەرەتیترین هۆکارە بۆ جیاوازی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەی جیهان و ئەو شتەی لەم بەشانەدا نەهاتبێتە زمان و زمانانەدن، بۆ ئێمە هەبوونی نیە. ئەم چەمکە رەنگە وەک دروشم بنوێنێ بەڵام حاشاهەڵنەگرە و نکۆڵی لێ ناکرێ..1

## مانا چیە؟

مانا ( بە زمانێکی ساکار) ئەو مەدلوولگەلەن کە دالەکان ئاماژەی پێدەکەن و پێوەندی راستەوخۆ یان ناراستەو خۆی هەیە بە کات و شوێن و کەس و رووداو ومێژوو و کولتوور و نەتەوە و... هتد و بە بێ زانیاری لە بنەما یان بنەماکانی ئەو ئاماژەیە مانا پووچ دەبێتەوە و دەبێتە هیچ، واتە دال ی picture بۆ ئەو کەسەی زمانی ئینگلیسی نازانێ دەبێتە رێشکە پێشکە و هیچی تر.. هەربەو شێوە لە ناو خودی زمان و زاروەکانیدا ئەوەی نەتوانی دالەکان بەرێتەوەسەر مەبەستی ئاماژەپێکراو ناتوانێ ماناکەی بپێکێ؛ ئەو کوردەی ئاشنا بە زاراوەی کرمانجی ژووروو نەبێ لە مەبەستی وشەکانیشی ناگا(هەڵبەت بە شێوەی ئاخاوتن یان نڤیسان) بەڵام ئەگەر ئەو وشانە بکرێنە زمانی ئامارژە، واتە

کەسێک بە ئاماژەکردنەسەر خۆی بڵێ "ئەز" بەردەنگ تێدەگا کە مەبەستی خۆیەتی.. هەر بۆیە زمانی ئاماژە و وێنە(یان نیشانەکانی ئاماژەیی و وێنەیی) بەردەنگی زۆرترەو ئەتوانین بڵێین جیهانی ترە.. هەر بەو پێیە، جیهانی مانا لای کەسێکی خوێندەوار بەربڵاوترە لە کەسێکی نەخوێندەوار.. بۆوەی خوێندەواران ئەتوانن لە گەل دال گەل نقیسانی( کە هەڵگری زۆربەی فەلسەفە وزانست وهونەر و ئەزمونی مێژوویی مرۆڤە) پێوەندی بگرێ و گورگ و مەڕ بەرنەوە لای گورگ و مەڕی حەقیقی یان مەجازیی و خوازەیی و... هەڵبەت ئەمە بەو مانا نیە کە نەخوێندەواران لە سیستمگەل نیشانەیی دیکە، کە ئەوانیش لە پێناسەی ئەمڕۆژیانەی زماندا دەبن بە سیستەمێکی زمانی، تێنەگەن، بۆوەی سیستەمی نیشانەکانی دەنگیش هەر ئەو دەورە ئەگێڕێ کە سێستەمی زمانی نقیسان ئەتوانێ بیگێڕێ.. یانی ئەگەر بە هەر کەس (لە کات وشوێن و دۆخی وەک یەکدا) بلێی "گورگ" لیی تێدەگا و بە بۆچوونی خۆی راڤەی دەکا..

ئەو رەخنەگرانەی کە دژی دەسەلاتدارێتی زمان دەوەستن، بەداخەوە تەنیا وەک سیستەمێکی ئاوایی یان نقیسانی زمان پێناسە دەکەن و بەلای بەشەکانی دیکەی نیشانەیی دا ناچن. با نموونەکەی "ئاروین پائۆفسکی" بێنینەوە؛

پائۆفسکی لە "پێشەکییەک لە سەر توێژینەوەی هونەری رینسانس"دا ئەڵێ:

" باوابزانین کابرایەک لە شەقام، کاتێک من ئەبینێ، کڵاوەکەی لەسەر دائەگرێ.. لە باری وێنەیی یەوە من جگە ئاڵ و گۆڕی چەند پاژێکی جەستەیی نابینم. واتە هێڵ و رەنگ و حەجم، لە رۆگەی/ مسیر/ روانینی مندا شوێنگۆڕکێ ئەکەن.. بەڵام کاتی ئەو پێکهاتە واتە بابەتێک( ئەو کابرایەی لە شەقامدا دیتوومە) لەگەڵ ئاڵ و گۆڕی کردەیەک( کڵاو لە سەرداگرتنەکە) بە یەک شت بزانم،کە هەڵبەت لەرێوە شتی واش دێ بە مێشکدا، ئەو کات من لە سنووری بۆچوونی رواڵەتی تێپەڕیوم و هاتوومەتە یەکەم پانتا یان توێژی ماناییەوە لە مانای سروشتی یان سەرەتایی یەکەی لەو دۆخەدا تێگەیشتووم، ئینجا دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە من بە پێی بۆچوون زانست و پێش ئاگایی خۆم چۆن راڤەی بکەم و بزانم کە ئەو کابرایە مەبەستی دۆستایەتی بووە یان دوژمنایەتی و گاڵتە پێکردن و... پێشینەی کڵاو لە سەر داگرتن بۆ کەسێک دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەندی لە ئورووپا، جەنگاوەران کاتی دیتنی دۆستەکانیان، بە نیشانەی ئاشتی و دۆستایەتی و بڕواکردن، کڵاوە ئاسنینەکانیان لە سەر دادەگرت.. بەڵام رەنگە لە ئەفریقا ئەو نیشانەیە مانایەکی دیکەی دژە ئاشتی بگەیەنێ و.."2 بە پێچەوانەوە ئەبینین لای خۆمان هەڵبڕینی ئەنگوستی گەورە وەک بیلاغ بە نیشانەی ناحەزی پێکردن و جنێودانە.. بەڵام هەر ئەو نیشانەیە لە وڵاتانی رۆژئاوا بە مانای ok کردن و ئافەرین گوتنە..

کە وایە بە پێی دۆخی تایبەت و چۆنیەتی دەربڕین لە ناو سیستەمی نیشانەکاندا، ماناکان دەگۆڕدرێن و هیچ مانایەک موتلەق نیە. بەڵام هەموو مانایەک لەسەر سیستەمێکی زمانی-نیشانەیی بەندە و دەچێتە چەندین توێژەوە؛

ئەلف- **توێی سروشتی و ئاسایی** کە بە پێی بیچم و رەنگ و دەنگ و جنسی نیشانە لە سیستەمێکی زمانیدا دەچێتە سەر دال ێکی تایبەت؛ وەک **زەریا**= زەریا، **دارستان**= جەنگەڵ، **چیا**= کێو، **هەڵۆ**= هەڵۆ و ... تاد؛ ئاوی جۆگە و چۆم لە چیاوە بەرەو دارستان و زەریا دەروا.... یان

کە تۆ لێم جیا دەبیتەوە یادت دەکەم تا دیتەوە کە مانایەکە لە ساکار ترین حاڵەتدا

**ب- توێی مانایی رەمزیی نیشانەکان** کە بە پێی رەمز و خوازە دەگەڕنەوە سەرمەدلوولگەلێکی قەراردادی دیکە. وەک **دەریا**=یەکگرتوویی وسینگ فراوانی،

"لەگەڵ هاژەی رووبارێکدا هەمووشەوێک
تا سەرسینگی تۆ دەهاتم....."
" ئەرێ دەریا؟
هاژەی رووبار و شەپۆل و گزینگی هەتاو ئەناسی؟"

**جەنگەڵ**=ژیان، یەکگرتوویی، بەرەنگاری و..

"لقێک لە رەشایی جەنگەڵدا بەرەو تیشک
هاواری دەکرد"/ شاملوو/

**چیا**= مانەوە و هێز و.. " من چیام! ..."

**هەڵۆ**= بەرزەفڕی و ئازایەتی و.. **گوڵ**= جوانی و رەنگاڵەیی و... لەم توێ ماناییەدا زۆرێ لە نیشانەکان ئەتوانن ئاماژە بکەنە بەیت باو و چیرۆک و حیکایەت ئوستوورەکان و.. وەک سیامەندێ لە چۆڵ و بەندەنێ... کە دیارە سیامەند تەنیا ئاماژە بە ناوێکی ئاسایی نیە و بۆ بەردەنگ یان خوێنەرێک کە بەیتی خەج و سیامەندی بیستبێ ناوێکی تایبەتییە..

**ج- توێی مانایی بەرین و زاتی** کە ئەمانگەڕێنیتەوە بۆ تایبەتمەندی نەتەوەیی، چینایەتی، ئایینی، ئەخلاقی و فەلسەفی.. بە گشتی ئەم توێ ماناییە تایبەتمەندیگەل ئیدیۆلۆژیکی نیشانە و بەرهەمی ئەدەبی هونەرین کە دەبێ لە لایەن خوێنەری چالاکەوە شیکاری بکرێن. پائۆفسکی ئەنووسێ: " تا ئەو کاتەی حوکمی ئێمە لە مەڕ نەقاشییە بەناوبانگەکەی لێئۆناردو بەرتەسک بێتەوە سەر ئەو خاڵەی کە سێزدە پیاو لە پشت مێزی شێو کێشراون و بە نێشانەی دوایین شێوی مەسێح هاتوونە.. ئێمە لەگەڵ بەرهەمیکی هونەریدا رووبەڕووین و تایبەتمەندیەکانی ئەو بەرهەمە، پێکهاتە و رەسم ناسی و..وەک سفەتێکی تایبەت راڤە دەکەین. بەڵام کاتێ هەوڵئەدەین ئەو بەرهەمە وەک بەڵگەیەک لەمەڕ کەسایەتی لێئۆناردۆ یان شارستانیەتی ئیتالیا، لەسەردەمی سەرهەڵدان و پشکووتنی رێنسانس، یان وەک بۆچوونێکی ئایینی تایبەت هەڵسەنگێنین، ئەوا بە چەشنێکی دیکە و وەک شتێکی دیکە لەگەڵ ئەو بەرهەمە هەڵس و کەوت ئەکەین.."

کەشف و راڤەکاری ئەو بایەخە رەمزییانە(کە زێدەیان رەنگە تەنانەت مەبەستی هونەرمەند و خولقێنەری بەرهەمەکەش نەبووە یان بە گشتی جیاواز لێی روانیبێ و هەوڵی نواندنی دابێ) دێتە ئەم توێژە ماناییەوە و وەک ئاماژەی پێکرا زێدەتر وەئەستۆی رەخنەگر یان خوێنەر و بینەری چالاکە. واتە هەر دالێک بە پێی ئاگایی و نائاگایی بەردەنگ لە مەحەکی مانا ئەدرێ و توێ توێ دەکرێ، دێتەوە سەریەک و سەرلەنوێ لەگەڵ دالەکان(یان نێشانەکانی دەور و بەر) تێکەڵ دەبێتەوە... مارک ریشێر بۆ وەسفی ئەم حاڵەتە لە تەمسیلی **وێرانە** کەڵک وەر ئەگرێ و دەڵێ: " **ئێمە وێرانە دەبینین و نابینین**"واتە وێرانە دەبینرێ، بەڵام هەر لەو حاڵەتەدا بینەر ئەزانێ کە بەشێکی هەرە گەورەی نابینێ. واتە هەم ئەو بەشەی دەبینرێ و هەم ئەو شتەدەروونیەی، کەوێرانە هەڵگریەتی و نابینرێ، پێکەوە لە وێرانەیەکدا هەنە. ئەمەیە چۆنیەتی مانا و هەڵکڕاندنی مانا لە شتەکان یا نیشانە و دالەکان"

بەڵام بێمانایی خۆحاست بە مانای پێوەندی نەگرتنی بەردەنگە لەگەڵ نیشانە و زمان، وەک بنەڕەتی ترین بەشی نیشانەناسی، نەزانینی یاسا و رێساکان و رەوتی ئاڵ و گۆڕ و تەنانەت شکاندنی ئەو سیستەمە نیشانەییانە و نامۆکردنەوەیان لە لایەن نووسەران، هونەرمەندان، شاعیران و... وەە

لێرەدا بەشێکی کورت لە شێعرەساتی(1) بەنموونە دێنمەوە

رەنگە پاپیز تەمی جن.. جنی

شه وانم   بفرۆشتوێنێ

بەزمی.. رەنگە..

باشترین ئاشق ؟

ئەبینم چۆن تامم ئەکەی

وەک تامت ئەبینم لە جن..

جنی سەری

ئێواران...

......................

/ بیـــــــــــــــــدەنگی/

ئیتر نە من هەتا .....سالێ

کابل و

نە ئەشکەنجەش...چاوی

جار بە جار لەشم

ئەوەیە ئازیز   !   من

ئەگینا :

تـــــــــــۆ...هەر رۆژان

ئاشقترینم شەوان

تام... بۆن... تۆمن...

منتو....

بەسە مەیانگری !

وەک جاران

جار جار سەرم... بۆ... شۆڕ

ئەبێتەوە

تیزاوی سەراب ...           بۆ

من                             چاوم

تۆ              لەشت

هەموو بەیانییەک... نا...

بەیانی هەموو

**هەتا ساڵێ... نە ئیتر من**

**کابل و**

**چاوی جار بە جار لەشم..نە ئەشکەنجە**

**بەسە مەمانگری !**

**من تا... هەتا... تۆ**

**مەمگری... بەسە**

**سەرماسەرم نا سەرم...**

**سەرما ...**

**شێعرەساتی (1) لە دوایین بەشی دیوانی**

**درۆکانی موقەددەسدا هاتووە.**

رەنگە زۆرکەس تاوانی بێمانا بوونیان خستبێتە سەر شێعرەساتی(1) بەڵام دڵنیام ئەوەی بتوانێ لەو کەش و هەوایە بگا کە (کابل) قسەی یەکەمی تێدادەکا.. باش ئەتوانێ چەندین توێی مانایی لێ هەڵکرێنێ( تەنانەت ئەگەر لەو دۆخە ترسناکەدا مەبەست دەربڕینی مانایەکی تایبەت نەبووبێ و بەس شێعرەکە ویستبێتی هاوار و داو بکا و بقیژێنێ)*

کەواتە بەردەنگ چ لە ماناداندا و چ لە مانانەدان بە نیشانەکان دەورێکی سەرەکی دەبینێ و مانا و بێمانا بەس لای ئەو دێتە پێناسەکردن. هەروەها پێویستی کەڵک وەرگرتن لە رێساکانی زمانناسی وەک ناسینی **جیاوازییەکانی لانگ** و پارول(زمان و گفت)، تەوەرەکانی **هاونشینی و جێنشینی** و شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی **هاوکاتی و ناوکاتی** دەکەوێتە ئەستۆی بینەر، بەردەنگ، خوێنەر و هەستیارەوە.. بەو پێیە نەناسینی ئەو جیاوازی و پێوەندیگەلە لای بەردەنگ / کە بەپێی زانست و پێش ئاگایی و ئەزموون و چەند و چۆنایەتی ناسینی دیاردەکان، ئەوانیش چەندین بەرەی وەک بەردەنگی ئاسایی، خوێنەر، خوێنەری چالاک و..یان لێدەکەوێتەوە و هەر کام لەو بەرەیانە دیسان بەپێی توانا و تێگەیشتنی خۆیان ئەتوانن دیعایەی مانا و بێمانایی لە نیشانە و دال ی دەنگی، نقیسانی، وێنەیی و رەنگی و جووڵەیی و.. بکەن. یانی بێمانایی لای منی بەردەنگی ئاسایی بەمانای هەرئەو بێمانایییە لای تۆی پسپۆر و ئەوی مامناوەند نیە!

نموونەیەکی شێعری دێنمەوە؛ " یەکگرن رۆڵەی کرێکار یەکگرن!" کە بۆ بەردەنگی ئاسایی نووسراوەو بە دووپات کردنەوەی یەکگرن ئەیهەوێ ئەو چەمکە تێگەیەنێ..

هەرچەند " "چ کسی میخواهد من و تو ما نشویم..من و تۆ ما نشویم تنهاییم3"رەنگە بۆ خوێنەری ئاسایی بێمانا بێ و بەو پێیە " من و تۆ منمانین" و...کە وەک ناوەرۆک بەسەر چەمکێکەوە دەگیرسێنەوە.. بەڵام " من بە نم و تۆ بە وت نەبێ بە یەک ناگەین.. " ( کە چ لە باری فۆرم و چ ناوەرۆکەوە ئەو چەمکە هەڵدەوەشێنێتەوە) بەس بۆ خوێنەری چالاک دێتە تێگەیشتن و راڤەکاری،،

بۆیە دوای بڵاو بوونەوەی هەنێ لە بەرهەمەکانی نوێخواز( شێعر. چیرۆک، شانو. رۆمان و نوڤێلێت و چیرۆک، نەقاشی و...) لە کوردستان، هات وهاوار لە لایەن خوێنەرانی ئاسایی و مامناوەند بەرز بۆوە کە گوایە بەرهەمی نوێخوازان بێمانایە و.. تاد

## Simulacrum

وانموود، وێنەیەکی خەیاڵی لە خەیاڵ، تیمسال، تاپۆ، وێکچوویی وەهمیی، ساختەچی و پڕفرۆفێل و..

لە حەقیقەت تێپەڕیون باوان
ئەم لە حەقیقەت نەچووانە!

کاتی خۆی نیچە دەمامکی لە سیمای فەلسەفەی رۆژئاوا هەڵدایەوە و زۆربەی بەناو حەقیقەتەکانی لێکردنەوە بە پەموو..

" کەسێک کە بیهەوێت چاکە و خراپە بخولقێنێ دەبێ لە راستیدا رووخێنەر بێت و هەموو بایەخەکان لەنێوبەرێ.
"بەو پێیە؛ سەرترین خراپە، سەرترین بایەخ و چاکەیە.. بەڵام ئەو چاکەیە داهێنەرە.
"هەر حەقیقەتێک دەرووخی با برووخێ.. خانووی زۆر ئامادەی سازبوونە...
" هەموو خواکان مردوون، ئێستا چاوەروانین ژوەرکەس بێت.." / ئاوەهای گوت زەردەشت/

رەوتی بە وانموودبوونی نێشانەکان و حەقیقەتەکان و... لەراستیدا ماناکان ئاڵۆز دەکەن و موتلەقییەتیان لێدەسێنێتەوە. بەلەونێک کە بەردەنگ نازانێ لەگەڵ مانا یان لەماناچوودا رووبەڕوو بۆتەوە یان دژەمانا و وانوێنراو...*

مشتێ ماچت نەپرژان بە جادەدا و رۆیشتی..
بەکام ناونێشان بتدۆزمەوە؟

زۆربەی نیشانە و ناونیشانەکان بۆ بەرجەوەنی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان بوونەتە لەتە نەخشەی ئیمپراتۆری یەکەی **بۆرخس** و هیچ هێڵێکی پێوە دیار نەماوە؛

هەزار وێنەی چاوی نازت .. بەشەقاما هەڵواسراون..
لەتۆش ناچن!!
کامیان بۆنی هرمەکانتن باوان؟
"تیکەیەکی بچووک و کۆن..لەنەخشەی ئیمپراتۆرییەکی گەورە"

مرۆڤی سەردەم لەلایەن کەرەسەکانی پێوەندی جەماوەرەوە ماناباران و لەراستیدا بێمانابااران دەکرێ بە چەشنێ کە بۆخۆشیان نازانن چی بکەن لەو هەموو وێنە و زانیاری و هەواڵەدرۆ و وانموودانە؟ سینما و رادوێ وتلەویزیۆن ماهوارە وCD وdvd و رەنگیننامەکانی بەجیهانیبوون / گلوبالیسم/ و بەجیهانی نەبوون(!!) بە ئاشنایی تەواو لە هەموو زانیاریەکان و دەسەڵاتی زبان و نیشانە(رەوان و جەستە و مۆخی مرۆڤ دەپێکن و دەست بەسەر هەموو ماناکاندا دەگرن و بەقازانجی خۆیان دەیگۆڕن و دەیکەن بەقورگیا، بە مێشکیا، بە دەروون و رەوانیدا و..
لە کۆتاییدا بە دوای مانا و حەقیقەت و خوادا مەگەڕێن بۆ وەی لەمێژە کوشتوویانن و حەوت پووت ئاو و مەشرەبەیان بەدوایدا خواردۆتەوە؛

درۆکانی موقەددەس!
کەی پەیکەری راستی
بەشەقامەکاندا
هە
لئە
واسن
وەک ئازادی..؟؟؟
وە تۆ شۆڕشی پیرۆز!

کەی شێعرێکی هەتا ئاخر ئەچریکێنی؟؟؟

**شێعر؛**

زمانی شێعر لە مێژووی درێژخایەنی خۆیدا بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی **هاونشینی و جێنشینی** زمان/ مەجاز و خوازە و.../مۆسیقای دەنگدانەوەی پیت و وشە، **بەدەقکردنی** خەون و خەیاڵ و سازاندنی **ناکات** و **ناشوێن** و بەگشتی **داهێنەریی زمانی**... بەردەوام هەوڵیداوە خۆی لە تاک مانایی، تاک رەهەندی و موتلەقییەتی مانا دەرباز بکا و" نەچێتە ئەو دالانانەی هەزار توێن و هەر هیچیشیان بۆنی حەزیان نەبیستووە"

زۆرکەسان باسی پێوەندی، ناپێوەندی و نیوپێوەندی شێعر و مانا و ئەندێشەیان کردوە و رەنگە ئەمە باسێکی نوێ نەبێ کە " باوەری زۆرینە لەسەر ئەو بڕوایە؛ شێعر، ژانرێکی ئەدەبییە کە، زیدەتر لە هەموو ژانرەکانی دیکە لەگەڵ فکر و مانای " استدلالی" و مەنتەقی هاودژە.. شاعیر خەیاڵاوییە نەک ئەندێشاوی. پێشەی ئەو نە کاروکاسبییە بە هەڵوێست و نە بە مەنتەق، بەدڵنیاییەوە، نە دەربڕینی ئەحکامی حەقیقی سەبارەت بە جیهان.. بەڵکوو دەربڕی هەستە یان نواندنی ئەزموون. خەیاڵی تایبەت و کەسیی، سامان و دەوڵەمەندی پیشەیی شاعیرەو ئەگەر بەهەڵکەوت بڕوایەکیش بەدزییەوە خۆی هەڵاوێشتبێتە/رەخنەی کردبێتە/ ناو شێعرێک، هەموو هەوڵی شاعیرەکەی بۆ ئەوەیە کە ئەو زێهنە عەقڵانییە بکێشێ بەلای دراماتیک کردنیدا و بە چەشنێک ئاودێریی بکا کە بەلای حاڵ و هەوای هەست دا داگەڕێ.. بۆ وەی جەوهەری شێعریی لە هەست و خەیاڵەوە زێدەتر نیزیکە"

/ئالێن شاپیرۆ، هەڵپەرکێی ئەندێشە، هاروارد مەگەزین، و.عەلی حسەینی/

بە پێچەوانەوە من ئەڵێم ئەوەی کە شێعر دەربڕی هەست وخەیاڵ بێ یان نا.. ناتوانێ لە مانا و ئستدلالی داببڕێ.. بەڵکوو شیعر و بەگشتی هونەر ئەتوانێ چۆنیەتی ئستدلالەکان بۆ مانا بگۆڕێ و هەردووکیان بەرینتر کاتەوە.. بۆ وەی تەنانەت ئاشەوپاشەی زێهنیش ئەگەر بێتە ناو شێعرەوە ئەتوانێ لەباری رەوانییەوە دەربڕی ماناگەل تایبەت بێ و...

- با- وێرانترە لە شنەی شاخ
- ئاو– تینووتر لە خوڕەی ئاگر
- من- چڕتر لە تەنیایی دارستان
- ئاسمان – پیرتر لە شینایی مەرگ

- چ دنیایەکی تەبایە تەمەن –

ئاسمانی من تینووترە لە - با-
تەنیاییم وێرانترەلە - ئاو –
شینایی مەرگ پیرترە لە- ئاگر-

- چ شێعرێکی سەیرە باران-4

ئەوەی بلێ ئەم شێعرە بێ ئستدلال و مانایە خراپی پێکاوە، بۆ وەی مەنتیق و ئستدلالی هەر شێعرێک بە پێچەوانەی واقیع تەنیالە پێکهات و ناپێکهاتی ئەو شێعرەدا دەوری خۆی ئەگێرێ و

بەس/بڕواننە وتاری " دالی شێعر مەدلوولی خۆیەتی و بەس" گۆڤاری زریبار، ژمارە 11

ئەو پەیوەندییە داهێنەرانەیەی ، بەگوتەی ئادۆنیس، "لە نیوان ئێستا وداهاتوو،دیار و نادیار،زەمەن و ئەبەدییەت"و دیاردە بەرواڵەت ناپەیوەندەکان... لەم شێعرەدا خولقاوە.. دەبێتە مەنتەقێکی تازەی شیعری و روانینێکی نوێ بۆ باران، نەک " گوزارەکردنی واقیع"

لەراستیدا کاتێ باسی بێ مانایی دەکرێ، نیچە گوتەنی مەبەست زۆربوونی حەقیقەت و ماناکانە و زۆرجار هاودژێتی بەرانبەر وەستانی ئەو بەناو حەقیقەتانە لەگەڵ یەکدی کە سەنتزی بێمانایی لای خوێنەر ئەخولقێنن؛ بڕواننە ئەم بەشە لە وتوێژی **بورجین و بورخس** کە هەر دووکیان ئەیانهەوێ حەقیقەتێک(!!) لە مەڕ دەقەکانی هێنری جیمز و کافکا دەربڕن و ئەو حەقیقەتانە چەند لە یەک دوورن**

Aخۆی بەحەقیقەتی موتلەق دەزانێ تەنیا لەبەر ئەوەی گەورەیە و a ش خۆی لەو بەحەقیقەتتر و پڕماناتر دائەنێ بۆوەی دیعایەی کۆی چووکەکان و ڕێبەرایەتی کردنیان دەکا و B هەردووکیان ڕەفز دەکاتەوە لەبەر ئەوەی هەم گەورەیە و هەم هەنێ چووکەی لەگەڵە.. b باسی دووڕوویی B دەکا و بەو پێیە لە C و D ی گەورەو بچووکەوەبگرە تا z ەکان.. هەرکام بە مەنتەقی خۆی شەڕی مانا و حەقیقەتەکانی تر دەکەن و لەم لاشەوە لە آ وە تا ی و....هەر ئەو باسەیە و توند وتۆڵ تریش.. حافظ گوتەنی؛

جنگ هفتاد و دو ملت همەرا عذر بنە........ چون ندیدند حقیقت رە افسانە زدند5

ماویەتی

-----------------------------------

1- "ئەوە لەناو وشە و زماندایە کەسەرەتا شتەکان/ اشیا/ پێ دەنێتەنێو هەرێمی بوونەوەو هەن ... مادام ئینسان پێی وابێ سەرۆک و ئاغای زمانە، لەهەڵەدایە و تووشی وەهم بووە بۆوەی ئەوەزمانە کە ئاغای ئەوە..کاتێک کەسێک قسەدەکا، نەک لەکاتی هەلیت پڵێتدا، لەراستیدا ئەوە ئەو نیە کە گوتەکانی دەستنیشان دەکا بەڵکوو ئاخافتنیی بوونی زمانە کە ئەوەی بۆ دیاری دەکا..واتە ناوەکیترین زاتی شتەکان، ئەوەی ئێمە لە حەقیقەتی بابەتێک نیزیک دەکاتەوە؛ ئیمان هێنانە بەوزەکانی زمان.." (هایدگێر)

2- از **نشانە تصویری تا متن**/ بابک احمدی

3- کێ ئەیهەوێ من و تۆ نەبینە ئێمە/ من وتۆ نەبینە ئێمە تەنیاین/ حەمید موسەددق

4- شین ترین بەتاڵ، یوونس رەزایی، انتشارات عابد،1380، شێعری پیرتر. ل74

5- شەڕی حەفتاوحەوت نەتەوە وێڵ کە... بۆوەی حەقیقەتیان نەدیتەوە، بەرێی ئەفسانەدا چوونە..

*- بڕواننە وتاری جیهانی وانموود و نوێخوازی/ ساڵح سووزەنی، سروەی ژمارە 174

**- " **بورجین**: پێشتریش لە قسەکانتا، هێنری جیمز و کافکا ت پێکەوەلکاند، وادیارە بە هۆیەکی دەروونییەوە لە زێهنی خوتدا ئەوانە پێکەوە دەبینن؟

**بورخس**: <u>بە ڕای من</u> بە لەونێک لە یەک ئەچن! وەهم و بێمانایی شتەکان، بیرکردنەوە لە زیان لە جیهانی بێماناداَ، باوەڕیان بە چەندلایەنی و جێی روونبوونەوەی رووداوەکانی هەبوون/ هستی/ هەروەها لایەنی وێکچوویی فیکری و هەستی یەکانیان، حەتم ئاگاداری کە هێنری جیمز کاتی خۆی بۆ براکەی خۆی نووسیبووکە "لای وایە دنیا لە مۆزەخانەی ئەڵماس ئەچێ. مۆزەخانەی دێوەزمەکان.." لام وایە هەر ئەو هەستەشی هەبووە بەرانبەر بە ژیان..

**بورجین:** بەڵام کەسایەتییەکانی چیرۆکی جیمز و کافکا، بەردەوام بۆ گەیشتن بە شتێکی دیاریکراو تێدەکۆشن..ئەوان هەموویان ئامانجی دیاریکراویان هەیە؟

**بۆرخس:** ئامانجی دیاریکراویان هەیە، بەڵام هەرگیز نایگەنی مەبەستم ئەوەیە لە هەمان لاپەڕەی یەکەمی "مەحکەمە"داپاڵەوانی رووداوەکە هەرگیز تێناگا کە لە بەر چی مەحکەمەی دەکەنو بۆ ئازاری ئەدەن..لە بەرهەمەکانی هێنری جیمزیشدا رووبەڕووی دۆخێکی ئاوەها دەبینەوە؛هەر لەڕێوە ئەزانین کە کابرا بە دوای یاداشتەکانی "ئاسپێرن" ەوەیە/لە چیرۆکی کاغەزەکانی ئاسپێرن دا/ و ئەگەریش گیری کەوێ بی بایەخن!! ئەمە شتێکە هەر لە سەرەتاوە بە ئاشکرا هەستی پێدەکەی..

**بۆرجین:** بەلام ئەوەی تۆ ئەیڵێی زێدەتر نەتوانین ئەگەیەنێ، نەک وەهم و ئاڵۆزی..

**بورخس؛** راستە بەڵام وەهم و ئاڵۆزیشی تێدایە، بۆ وێنە لە رۆمانی "تۆنگی شەیتانیی"دا کە هەر تێناگەی ئەو تۆڵە سەندنەوەیە قازانجی هەبووەیان نا؟

**بورجین:** نا هەرکامیان شوێنی تایبەتیان هەیە لای من! ئەوان بە هۆگەل جیاوازەوە گرینگایەتییان هەیە!

**بۆرخس:** بەڵام بەراستی وایە؟

**بورجین:** وادیارە تۆ لەسەر ئەم رایە نیت.. بەڵام بەڕای من،هێنری جیمز باوەری بە کۆمەڵگا هەبووە. ئەو هیچکات نەزمی کۆمەڵایەتی نەخستە ژێر پرسیار!

**بورخس:** من لام وانیە..........تاد

/ گفتگو با بورخس،ریچارد بورجین،ترجمەکاوە میرعباسی، نشر نی،چاپ اول1382/